**تۆپی پێ و بەنجی موقەدەس**

داهاتی مانگانەت چەندە؟ هەزار ؟ پێنج هەزار ؟ پەنجا هەزار ؟ باسی دۆلار دەکەم دینار و لیرە نا ! کەسێک دەناسیت موچەی مانگانەی ٢ ملیۆن دۆلار بێ ؟ ئەی زیاتر ؟ بێگومان موچەی زۆر لەوە زیاتریش هەیە ، بەڵام ئەو جۆرە موچەیە بە کێ دەدرێت و بەرامبەر چی دەدرێت ؟

وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بە تایبەتی پشکی شێری بەردەکەوێ لە ڕیزبەندیی قەبەترین موچەکانی جیهان .

گریمان یاریزانێکی باش موچەکەی دو ملیۆن دۆلارە ، من و تۆش موچەکەمان ١٠٠٠ دۆلارە ، بەم پێیە ئەو یاریزانە داهاتەکەی دو هەزار جار زیاترە لە داهاتی من و تۆ ..! باشە بۆچی ؟

مێژو پێمان دەڵێ هەرکاتێک میللەت لە سیاسەتی ئیمپراتۆرەکان و پاشاکان بێزاربون و دەستیان کردۆتە گلەیی کردن ، ڕاوێژکاران هەر زو کەوتونەتە خۆ بۆ دۆزینەوەی شتێکی سەرنجڕاکێش و خۆش تا خەڵکیی پێوە سەرقاڵ بکەن و داواکردنی ماف و ڕەخنەکانیان لەبیربچێتەوە .

کاتێک ئیمپراتۆری ڕۆما هەستی دەکرد خەڵکی بێزارن نمایشی سێرکی دەخستەکار و خەڵکیی سەرقاڵ دەکرد بە نمایشە سەرنجڕاکێشەکان ، سەرنجی شارستانیەتی ڕۆمای کۆن بدە ، یاریگا و هۆڵ و شانۆی چەند جوان و ڕازاوەی هەیە کە تا ئێستاش بەشێکیان ماون ، قەڵا و کۆشکی ئیمپراتۆرەکان و کلێساکانیش لەبیرنەکەین ..!

بە کورتی ئەوەی بە زەقی سەرنجت ڕادەکێشێ کۆشکی زەبەلاح و کڵێسای ڕازاوە و قەڵای بەرز و سەخت و یاریگا و شانۆی فراوانە. لای ئەوان دیارە ٤ شت گرنگ بون ، کۆشکەکان بۆ خۆشبەختیی سەرکردەکان ، کلێساکان بۆ بە مێگەلکردنی خەڵک بەناوی پیرۆزییەکان ، قەڵاکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرکردەکان ، شانۆ و هۆڵ و یاریگاکانیش بۆ بەنجکردنی خەڵک و لەباربردنی خەون و نارەزایەتییەکانیان.

هەرکاتێک جاڕ دەدرا کە خەڵکی بانگهێشت کراون بۆ خزمەت پاشا ، بە فرمانی پاشا چەند دیلێک یا تاوانبارێک دەهێنرانە ناو گۆڕەپان و دەبو شەڕبکەن تا یەکێکیان ئەویتریان دەکوژێت ، ئەوەی ئامادەش نەبوایە فرمانی پاشا جێبەجێبکا ئەوا سەختترین سزای بەسەردا سەپێنراوە.

وەک ئاشکرایە لە زۆرانبازیی ئەو سەردەمە شەڕبە مردنی یەکێک یا گروپێک کۆتایی دەهات و خەڵکەکە دەکەوتنە چەپڵەلێدان و تەقدیسکردنی پاڵەوانە براوەکان ، جاری واش هەبوە براوەی ئەو جۆرە زۆرانبازییانە بون بە پاڵەوان و سەرکردە و پێشەوای خەڵکی ، بۆ نا ! لە فەرهەنگی جەنگەڵ کێ زیاتر بکوژێ ئەو قارەمانە .

جارجارە پاشا بۆ ئەوەی خەڵکی بێزار نەبن نمایشەکانی گۆڕیوە بۆشەڕی ئاژەڵی دڕندە و پیاو ، ئاخر مرۆڤ هەر خۆی لای ئەوان بەهای نەبوە جا ئەگەر تاوانباریش بێت ئەوا بۆچی بە سزای خۆی نەگات و ئێمەش چێژی لێ نەبینین ؟ بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشە بەڕاستی ، جاری واش هەبوە پاشا فرمانی بە

پێشبڕکێ و تۆپێن و ڕمبازی کردوە ، ئاخر دەبێ پیشانی بدا کە خەمخۆری خەڵکە و ڕێگە نادات هەست بە بێزاری بکەن ! لەڕاستیدا پاشاکان خەڵکیان وەک مێگەل وێناکردوە ، کاتێکیش میللەت ئامادە بو ببێتە مێگەل ئەوا ئاڕاستەکردن و خاوەندارێتی کردنی زۆر ئاسان دەبێت.

کێ دەڵێ ئەوەی باسمان کرد مێژوە ؟ ئای خوایە ئەمڕۆ چەند لە دوێنێ دەچێ ! ئەوە نییە لە سەدەی ٢١ هەمان چیرۆک و سیناریۆکان دوبارە و هەزاربارە دەبنەوە بەڵام لە بەرگی نوێدا ! ئەوەتا یاریزان مانگانە چەندین ملیۆن دۆلار وەردەگرێ تا خەڵکی بەنج بکات و نەهێڵێ بیربکەنەوە ، ئاخر کاتێک تۆ هەمو خەمت بردنەوەی تیپەکەت بێت و هەمیشە چاوەڕێی هەواڵی نوێ و یاریی نوێ بیت چۆن فریای ژیان و بیرکردنەوە و خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن دەکەویت ؟ بزانن چەند زیرەکانە یاری بە خەڵک دەکەن بێ ئەوەی کەس هەست بکات ! ساڵ ١٢ مانگ تۆپێن هەیە ، مۆندیال ، فیفا ، چامپیۆنز، پاڵەوانێتی ئەوروپا ،کۆپا امریکا، ئەفریقیا ..... هتد لەگەل سەدان و هەزاران یاریی دۆستانە کە هەرگیز بڕانەوەیان نییە !

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین وەرزش بۆتە کاڵایەکی بازرگانیی زۆر گرنگ ، لەهەمان کاتدا وەک ماددەی هۆشبەریش بەکاردێت ،ئاخر یاریزانان خاوەنی ملیاران دۆلارن ،هاندەرە بەستەزمانەکانیشیان خەریکی کرێکارین ،ئەوا ئەگەر دەستیان بکەوێت ! ئەوەی تێبینی ناکرێت یاریزانەکان هەمان کۆیلە و دیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن بەڵام چونکە سەرچاوەی پەیداکردنی ملیاران دۆلارن ، زۆر بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت ، بەمەش بازرگانان دو ئامانج دەهێننەدی :

یەکەم : وای پیشان دەدەن کە بەڕاستی وەرزش دەکەن نەک شانۆی بەنجکردنی خەڵک ، جگەلەوەی کۆیلایەتیش بە یاسا قەدەغەکراوە .

دوەم : یاریزانەکان لای خەڵکی گەورە پیشان دەدەن تا سنوری تەقدیس و پەرستن بۆ ئەوەی ببن بە پێشەوای گەنجان بۆ ئاڕاستەکردنیان بەگوێرەی بەرژەوەندیی ئەجندا شاراوەکان، هەروەها زۆرترین پارەیان پێ پەیدا بکەن و چ لە ڕێگەی یاری چ لە ڕێگەی ڕیکلامی بازرگانی.

لات سەیر نەبێ بازرگانانی ئاینیش دوای ئەوەی بازاڕی ئاین فرۆشییان لاواز بو دەستیان دا هەمان یاری ، ئەوەتا سعودیە یانەی نیوکاسڵی ئینگلیزی و ئیمارات مانچێستەر سیتی و قەتەریش پاریس سان جێرمانی کڕیوە . نرخی کڕینی هەر ٣ یانە نزیکەی ٥ ملیار دۆلارە و داهاتی ساڵانەشیان بەسە بۆ ئەوەی هەژاری لە هەمو جیهان بنەبڕ بکرێ کەچی ساڵ دوای ساڵ هەژاری لە هەڵکشانە !

دەڵێن وتراوە کە تۆپی پێ دەکەین بە خودایەک بپەرسترێ ، من نازانم ئەم قسەیە کراوە یان نا ، کێ کردویەتی ، ڕاستە یا هەڵبەستراو ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ تۆپی پێ بۆتە خودا و دەپەرسترێ .

ئاخر لە وڵاتێکی وەک سعودیە کە قیبلەگای مسوڵمانانی جیهانە ملیۆنان خەڵک لە ژێر هێلی هەژاری ژیان دەگوزەرێنن لەکاتێکدا مەلیکەکەیان تابلۆیەک دەکڕێ بە ٤٥٠ ملیۆن دۆلار و بەلەمێک دەکڕێ بە ٥٥٠ ملیۆن دۆلار و کۆشکی لویسی ١٤ لە فەرەنسا دەکڕێ بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار . دیارە پارەی نەوت و داهاتی حەج بەشی پاشا خواناسەکەی سعودیە ناکات و پێویستی بە داهاتی تریشە تا تۆزێک ژیانی خۆشتر بێت بۆ ئەوەی باشتر بپەرژێتە سەر خزمەتکردنی مسوڵمانان !

کارل مارکس گوتەنی " ئاین تلیاکی گەلانە "، ئەو جۆرە ئاینە هەر بەڕاستی تریاکە چونکە بازرگانانی دەتوانن هەر شتێکی ناماقوڵ و ناشرین جوان و پیرۆز بکەن بە دروسکردنی چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش و داپۆشێنی بە بەرگێکی ئاینی .

ئیبن خەلدونیش ڕاستی گوتوە کە دەڵێ " ئەگەر ویستت برەو بە بیرۆکەیەک بدەی لە نێو عەرەب ئەوا بەرگێکی ئاینیی بەبەردا بکە"

ئەوەی ئەمڕۆ ژیانی شێواندوین دو چینن ، بازرگانانی سیاسەت و بازرگانانی ئاین ، ئەگەر هەردوکیشیان پێکەوە کۆببنەوە ئەوا کارەساتە چونکە بەنجی موقەدەس کاریگەریی زۆر زیاترە لە بەنجی نیشتیمان پەروەری .